هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی
ڤایرۆسی کۆرۆنا

Ministry of interior
General Directorate of Diwan
(ISO 9001:2015)

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
اللجنة العليا لمكافحة
جائحة كورونا

ژمارە : ٧٤٥٥
رێکەوت : ١٨ / ١ / ٢٧٢١ کوردی

DATE: ٢٠٢١ / ٤ / ٧

بەیانی ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠٢١

دوابەدوای بەیانی ژمارە

(٣,٥,٦,٨,١٠,١١,١٢,١٣,١٤,١٥,١٦,١٧,١٨,١٩,٢٠,٢١,٢٢,٢٣,٢٤,٢٥,٢٦,٢٧,٢٨,٢٩,٣١,٣٤,٣٥,٣٦,٣٧,٣٨,٣٩,٤١,٤٢,٤٤,٤٦,٤٨,٥٢,٥٧,٥٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ و (١,٦,٧,٨,٩,١٠,١٢,١٣)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستی و لەبەر هەڵکشانی ژمارەی تووشبوان و زۆربوونی قوربانیانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

یەکەم: قەدەغەی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل و پیادە لە تەواوی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهوك و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەرین و گەرمیان و گشت یەکە کارگێرییەکانیان لە کاتژمێر (٨:٠٠)ی شەو تا (٦:٠٠)ی بەیانی.

دووەم: بەدەر لە خاڵی (یەکەم)ی سەرەوە ڕێگە دەدرێت بە هاتووچۆکردنی ئۆتۆمبێلی ئاژانس و ڕێکخراوەکانی (UN) و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و هاوپەیمانان و دیپلۆماتکاران و ئۆتۆمبێلی هێزە ئەمنییەکان و تیمە تەندروستییەکان و کومپانیاکانی نەوت و کومپانیاکانی پەیوەندییەکان و ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس و ڕۆژنامەوانان ئەوانەی لە ئەرکی فەرمیدان.

سێیەم: دەرمانخانە ئیشکگرەکان بە کراوەیی دەمێننەوە.

چوارەم: ئالۆگوری بازرگانی بەردەوام دەبێت لە نێوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم ، و لەگەل پارێزگاکانی عێراق.

پێنجەم: بەردەوام بوونی جێبەجێ کردنی هەر دوو بەیانمان ژمارە (١٢ و ١٣) ، جگە لەو بڕگانەی کە ناگونجێت لەگەل خاڵی (یەکەم)ی سەرەوە.

شەشەم: پێویستە ژووری ئۆپەراسیونەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و گشت یەکە کارگێریەکانی تر ئەم بەیانە جێبەجێ بکەن.

حەوتەم: ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٨ کاتژمێر (٨:٠٠)ی شەو، تا ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/١٢ کاتژمێر (٨:٠٠)ی شەو جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

ڕێبەر احمد
وەزیری ناوخۆ
سەرۆکی لێژنەی باڵا

هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی
ڤایرۆسی کۆرۆنا

Ministry of interior
General Directorate of Diwan
(ISO 9001:2015)

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
اللجنة العليا لمكافحة
جائحة كورونا

ژمارە : ٧٤٥٥
ڕێکەوت : ١٨ / ١ / ٢٧٢١ کوردی

DATE: ٢٠٢١ / ٤ / ٧

وێنەیەك بۆ :-

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان / نوسینگەی بەرێز راوێژکار/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- ئەنجومەنی پارێزگای (هەولێر ، سلێمانی ، دهوك) / بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سکرتاریەت / بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی میدیا و زانیاری ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە/ نوسینگەی سەرۆکی فەرمانگە/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی داد/ ب.ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- گشت پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- یەکەکانی (٧٠ و ٨٠) / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان ، بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن
- بەرێوبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر ، بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن
- بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرك/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرماندەی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- دەروازە سنوورییەکانی (ئیبراهیم خلیل ، حاجی ئومەران ، باشماخ ، پەرویزخان ، سەرزێر) و هەر دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتییەکانی نشینگە لە پارێزگاکان / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- خولاو.